# من  فەرمانی پاراستنم تۆمار کردووە.
## ئێستا  چی دەبێت؟

**داواخوازەکە** تۆی.

وەڵامدەر کەسێکە کە تۆ فەرمانی پاراستن (OP)
ـت لە دژی تۆمار کردوە

ارەی OPەکەت **‘OP’** لەسەردا بێت، ئەوا داواکەی تۆ لە دانیشتنە ئاساییەکانی دادگا دا تۆمار کراوە (بۆ نموونە: 20OP1234)

ئەگەر ژمارەیOP ـەکەت X"ی تێدا بێت، ئەوا فەرمانەکەت لە خولی دادگا دا تۆمار کراوە (بۆ نموونە: 20X1234).

---

ئەگەر تۆ OPی کاتیت پێدرابێت، کەسی وەڵامدەر بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ تۆ ناکات .
هەمیشە کۆپیەکی واژۆکراوی OPەکەت لەلای خۆت هەبێت.

---

## دواتر چیڕوودەدات؟

- نووسینگەی شێریف  (DCSO)هەوڵ دەدات کەسی وەڵامدەر ئاگادار بکاتەوە کە OP دژ بەوان تۆمار کراوە. OPی تۆ جێبەجێ ناکرێت هەتا ئەو کاتەی "یاداشت" نەدرێت یان OP "کاری پێنەکرێت".
- 'ئاگاداری' بەو واتایە دێت کە کەسی وەڵامدەر تەلەفۆنی بۆ کرابێت و 'ئاگاداریی' لەسەر OP پێدرابێت. هیچ ڕۆژێک بۆ دادگا دیاری ناکرێت، ئەگەر کەسەکە تەنها ئاگاداریی وەرگرتبێت، بەڵام ئەگەر OPەکەت پێشێل کرا، ئەوا دەتوانیت سکاڵا تۆمار بکەیت.
- "خزمەت" بەو واتایە دێت کە کەسی وەڵامدەر کۆپیەکی فیزیکی لە OP لەلایەن DCSOەوە پێدراوە. ئەمە گرێدراو دەبێت بەوەی کە DCSO زانیاری پەیوەندیکردنی باشی بۆ کەسی وەڵامدەر هەبێت. ئەگەر تۆ زانیاری پەیوندیکردنی نوێ یان باشترت هەیە بۆ کەسی وەڵامدەر، دووای ئەوەی کە OPی خۆت تۆمار دەکەیت، (وەک ژمارە تەلەفۆنی نوێ، ناونیشانی نوێ، هتد)، ئەوا پەیوەندی بە DCSO بکە بە ژمارەی 615-880-3793 بۆ ئەوە زانیاری ئەم زانیاریە نوێیەیان پێبدەیت.
- دوای پێشکەشکردنی OP، وادەیەکی دانیشتنی دادگات لەسەر OP پێدەدرێت. DCSO لەڕێگەی تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە دەکات، بۆ ئەوەی ڕۆژ و کاتی دانیشتنەکەت پێبدات. ئەگەر ئەوان نەتوانن بە تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە بکەن، ئەوا نامەیەک دەنێرن بۆ ئەوە ناونیشانەی کە لەسەر داوای OPەکەت پێشکەشت کردووە.

---

## چۆن  بێمەترسی بمێنم و پێشێلکاریەکان ڕاپۆرت بکەم

- **پەیوەندی بە 911 بکە،** ئەگەر لە مەترسیەکی پەلەپی دای، وەک ئەوەی کەسی وەڵامدەر دێت بۆ شوێنێک نزیک لە تۆ.
- **پەیوەندی بە ژمارەی ناپەلەپی بکەن بە ژمارەی 8600-862-615** بۆ ڕاپۆرتکردنی هەرچەشنە پەیوەندی یان پێشێلکاریەکی دیکە.
- **هەرچەشنە بەڵگەیەکی پەیوەندیدار** بە پێشێلکاری یان پەیوەندی لای خۆت هەڵبگر (پەیام، نامەی دەنگی، وێنە، پۆستی میدیای کۆمەڵایەتی، هتد).
- 
- **پلانێکی پاراستن ساز بکە** لەگەڵ نووسینگە یان پاراستنی خێزان (زانیاری پەیوەندیکردن بەپێچەوانەوە)
- **ناو تۆمار بکە لە Smart911 یان ئێزن بە 911** dispatch بدە ئاگادارت بکاتەوە OPەکت لەسەر www.smart911.com هەیە.
- **کۆپیەک لە OPی خۆت بدە** بە هەموو کەس یان شوێنە گرنگەکان وەک شوێن کار، خوێندنگە/ چاودێریی ڕۆژانە، بنەماڵە، جیران، هتد.

# زانیاری دادگا

ڕۆژی دادگاکەت دەبێت تەقریبەن 15 ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی OP به کەسی وەڵامدەر بێت.

ئەگەر OPەکەت لە دادگای بازنەیی دا ڕێک بکرێت، ئەوا دانیشتەنەکەت لە **دادگای ناوچەی داڤیدسن دا دەبێت** (the Historic Courthouse on Public Square). تۆ دەبێت کاتژمێر 8:45ێ بەیانی ڕۆژی دادگاکە لەوێ دا ئامادە بیت.

1 Public Square
Nashville, TN 37201
Clerk's office: 615-862-5181

ئەگەر OPی تۆ لە **دانیشتنە گشتیەکانی دادگا** دا ڕێک بکرێت، ئەا دانیشتنەکەت لە **دادگای تاوانیی ناوچەی داڤیدسن** دا دەبێت (the Justice A.A. Birch Building). دەبێت لە ڕۆژی دادگا **لە کاتژمێر 9:15ی بەیانی لە ژووری 4Bی دادگا دا بیت.**

408 2nd Ave. N.
Nashville, TN 37201
Clerk's office: 615-862-5195

بەرلە ڕۆژی دادگاکە، پەیوەندی بکە بە ناوەندی ڕاوێژی جین کرۆو **(Jean Crowe Advocacy Center)** (زانیاری ژێرەوە) بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ڕاوێژکارێک بکەیت، دەربارەی پاراستنی خۆی و وەڵامی هەر پرسیارێکت لەبارەی دادگاوە بدرێتەوە.

---

زۆر گرنگە بێی بۆ دادگا بۆ ئەوەی OPی خۆت پێبدرێت. ئەگەر نەتوانیت بێیت بۆ ئەوەی دانیشتنەکەت، ئەوا پەیوەندی بە ژمارەکانی نووسینگەی کارمەندەوە بکە بۆ ئەوەی کەسێکی لێئاگادار بکەیتەوە.

---

# لەکوێ دەتوانم یارمەتی وەربگرم

نووسینگەی پاراستنی خێزانی Metro Nashville دوو شێی هەیە بۆ پەیوەندیکردن و سەردانی بۆ ئەوەی لە سەر توندوتیژی ناوماڵ، دەستدرێژی سێکسی، دەستدرێژی لەسەر منداڵ، دەستدرێژی لەسەر بەساڵاچووان، داوێنپیسیی، یان بەقاچاخبردنی مرۆڤ یارمەتی بدات.

**Jean Crowe Advocacy Center (JCAC)**
لەناو دادگا
100 James Robertson Pkwy., Suite 114
دووشەممە-هەینی، 7:45ی بەیانی – 4:30ی ئێوارە
615-862-4767

**(Family Safety Center) (FSC)** ناوەندی پاراستنی خێزان
بەبێ واده و دانانی واده
610 Murfreesboro Pike
دووشەممە-هەینی، 9:00ی بەیانی – 6:00ی ئێوارە
.هەمیشە بەردەستە OP یارمەتیی
615-880-1100

ڕاوێژکارانی هەریەک لەم شوێنانە دەتوانن لەسەر پلانی پاراستنی خۆت یارمەتیت بدەن، ئاستی مەترسیت بنرختێنن، پەیوەندی بکەن بە سەرچاوەکانەوە، یارمەتیت بدەن دەربارەی توندوتیژی نێوانکەسیی زانیاری وەربگریت، و لە ڕێگەی ڕاپۆرتکردن یان پرۆسەی دادگاوە یارمەتیت دەدەن.

ناوەندەکانی دیکە کە لەم ماوەیە دا دەتوانن یارمەتیت بدەن پێک دێن لەمانە:

- بەشی توندوتیژی ناو ماڵی MNPD (MNPD Domestic Violence Division) 615-880-3000 :
- یەکەی تاوانی سێکسیی MNPD (MNPD Sex Crimes Unit) 615-862-7560 :
- نووسینگەی پارێزەری ناوچە (District Attorney's Office): 615-862-5500
- کۆمەڵەی یارمەتیی یاسایی (Legal Aid Society) 615-244-6610 :
- هێڵی گەرمی توندوتیژی ناوماڵی YWCA 24/7 (YWCA 24/7 domestic violence hotline) text 1-800-334-4628 : line: 615-983-5170
- ناوەندی توندوتیژی خێزانیی Morning Star (Morning Star domestic violence center):615-860-0003
- هێڵی قەیرانی خزمەتی بنەماڵە و منداڵان (:Family and Children's Services crisis line): 615-244-7444